

گوڵان: کۆمەڵایەتی

## دەوڵەتی ئیسلامی داعش

# بە فرۆشتنی پاکیزەکانی ئێزدی کۆیلەیەتی زیندوو کردەوە



ئەنفالێکی دیکەی کورد و ئەمجارەیان لە سەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش)، بە کۆمەڵکوژییەکانی کوردانی ئێزدی دەستییپێکرد. دوای ئەوەی رۆژی ٣ئاب لەلایەن چەکدارانی داعشەوە هێرش کرایە سەر شنگال، سەرەڕای رەشەکوژی و ئاسمیلەکردنیان، ژمارەیەکی زۆریشیان لە ئافرەتانی ئێزدی رفاند. بەپێی ئامارێك ژمارەی پاکیزەکانی ئێزدی کە دەوڵەتی تیرۆریستی داعش وەك دەستکەوتی جەنگ و (سەبایا) بەسەر چەکدارەکانیدا دابەشی دەکات، لە سنووری ٢٠٠٠ کەس تێپەڕیوە. بۆ رزگاربوونیشیان تەنیا پشت بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەبەسترێ، کە لە بری هەموو جیهان لە ئێستادا شەڕی تیرۆریستان دەکات.بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان رێکارەکانی چارەسەر و زانیاری زیاترمان بۆ ئاشکرا دەکەن.




**پێویستە لە ئاستی جیهان هەموو هەوڵەکان بخرێنەگەڕ**

سەرەتا سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان (د. ڤیان سلێمان)، سەبارەت بە پاکیزەکانی ئێزدی کە دەوڵەتی تیرۆریستی داعش وەك دەستکەوتی جەنگ و (سەبایا) بەسەر چەکدارەکانیدا دابەشی دەکات و هەوڵەکانیان بۆ رزگارکردنی ئەو قوربانییانەی دەستی تیرۆر و دیاریکردنی چارەنووسیان، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان گوتی: «ئێمە وەك یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەر زوو کە ئەم کارەساتە روویدا، بەپەلە هەوڵەکانمان بەچەندین شێوە دەستپێکردو پەیوەندیمان لەگەڵ چەندین رێکخراوی ناوخۆیی و جیهانی کرد و گرووپێکمان لەگەڵ ئەوان لە ئافرەتە چالاکوانەکان دروستکرد و پەیوەندیمان بە هەموو رێکخراوە نێونەتەوەییەکانەوە کرد. هەروەها داوامان لە خاتوو فرەنسیس نوێنەری ئافرەتان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، بۆ ئەوەی هاوبەش بێت لەگەڵمان بۆ دیارکردنی چارەنووسی ئەو ئافرەت و منداڵانەی ئێزدی کە لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە رفێندراون، زۆریش پێویستە لە ئاستی جیهانی هەموو هەوڵەکان بخرێتەگەڕ بۆ رزگاکردنی ئەو ئافرەتانەی کە لەلایەن داعشەوە رفێندراون .

د. ڤیان باسی لەوەش کرد کە هەوڵێکی زۆریان داوە، بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە تراژیدییە بە ژینۆساید بناسرێت و رێگری لە دووبارەبوونەوەی بکرێت، گوتیشی: «بۆ جوڵاندنی رای جیهانی و ناوخۆیی لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین، پەیوەندی بە گشت لایەنەکان و هەموو ناوەندە نێودەوڵەتییەکانەوە دەکەین، بۆ ئەوەی ئەم کارەساتە بە ژینۆساید بناسن و کاربکرێت بۆ ئەوەی بە زووترین کات رزگار بکرێن و هاوکاری تەواویش بە ئاوارەکان بگەیەندرێت».

د. ڤیان لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا سەبارەت بە ژمارەی ئەو کچ و ئافرەتە رفێندراوانە گوتی: «هەتا ئێستا هیچ ئامارێکی فەرمی لەبەردەستدا نییە، هەوڵەکانمان بۆ دەستخستنی ئامارێکی دیاریکراو بەردەوامەو فۆرمێکمان لەناو ئەندامانی خۆمان دابەشکردووە کە خۆیان خەڵکی دەڤەری شنگالن بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتانەی لەلایەن داعشەوە رفێندراون ژمارەیان دیاری بکرێ، بەڵام هێشتا فۆرمەکان نەگەڕاوەتەوەو زانیاری تەواومان لەبەردەستدا نییە» لەمەش زیاتر سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان جەختی لەوەش کردەوە کە جگە لەو کارەساتە دڵتەزێنە کە پاکیزەکانی ئێزدی لە بازاڕەکانی داعشدا دەفرۆشرێن، ئاوارەکانی ئێزدیش بەتایبەتی منداڵ و ئافرەتانیان رووبەڕووی

قەیرانێکی گەورەی دەروونی بوونەتەوە و پێویستە بەپەلە کار لەسەر ئەوە بکرێت کە قەیرانە دەروونییەکەش چارەسەر بکرێت.

**ڕاپۆرتێك ڕەوانەی کونسوڵخانەکانی هەموو وڵاتانی جیهان دەکرێت**

لەلای خۆیەوە پەرلەمانتار (حەیات مەجید) ئەندامی لیژنەی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی بۆ گوڵان خستەڕوو کە هیچ ئامارێکی فەرمی لەبەردەستدا نییە، بۆ ئەوەی ئاشکرای بکات کە ژمارەی ئافرەتانی ئێزدی کە دیار نەماون، یان ڕفێندراون لە لایەن داعشەوە چەندن، گوتیشی: «تائێستا بەهۆی نەبوونی داتایەکی ورد نەتوانراوە ڕێژەی کۆتایی بخرێتە بەرچاوی خەڵك، ئەمە بێجگە لەوەی کە بێ داتا هەر زانیارییەك بڵاوبکرێتەوە هەڵەیە و دوورە لە ڕاستییەوە، هەموو ئامارەکان تا ئێستا نافەرمین و هەر یەکێك لە دەزگاکان بە شێوەیەك بڵاوی دەکاتەوە، کەخۆی لەخۆیدا ئەوە هەڵەیە کە زانیاری بڵاو بکرێتەوە و سەرچاوەی فەرمی نەبێت» .

ئەو پەرلەمانتارە زیاتر گوتی: «بەداخەوە ڕفاندنی ئەو کچانە حەقیقەتێکی تاڵە و هەموو لایەك دەبێت بە دڵسۆزییەوە کار لەسەر ئەو کەیسە بکەین و بە جددی هەوڵی گەڕانەوەی ئەو کچانە بۆ کەسوکاریان و ڕزگارکردنیان لە دەستی تیرۆریستان بدەین». ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوان وەك لیژنەی ئافرەتان هەوڵی تەواو بۆ چارەسەری کێشەکان دەدەن و گوتیشی: «سەردانی ئاوارەکانمان کردووەو ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلمان لەسەر ڕەوشی خۆیان و کچە ڕفێندراوەکانیان ئامادە کردووە، ئەو ڕاپۆرتە بە وردی دیراسەکراوەو لە پەرلەمان خوێنرایەوە، هەروەها هەوڵدەدەین لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بەهەموو لایەکەوە بتوانین کێشەکە چارەسەر بکەین و توانیومانە ڕاپۆرتەکە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین، ئەو ڕاپۆرتەی ئامادەمان کردووە، بڕیارە ڕەوانەی کونسوڵخانەی وڵاتان بکرێت، لە ڕێکخراوەکانیشدا پێشکەش بە ڕێکخراوی (یوئێن هیومان) کردووە، بۆ کارکردن لەسەر ئەو مەلەفانە و هەوڵی بەردەوامیش دەدەین بۆ چارەسەری ئەو گرفتە» .

**تەنیا هیوامان بە هێزەکانی پێشمەرگە هەیە**

هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای خانمان (پەخشان زەنگەنە)، ڕایگەیاند «لەم بارودۆخەدا دوائاماری ڕوون سەبارەت بە ژن و کچە ئێزدیە ڕفێندراوەکان زەحمەتە، بەڵام دوائاماری ئەنجومەنی خانمان لە هەولێر ئەوە دەخاتەڕوو کە ژمارەی ئەو ژن و کچە ئێزدییانە گەیشتۆتە ٧٠٠ کەس».

زەنگەنە باسی لەوەشکرد کە ئەو کچ و ژنە ڕفێندراوانە، لە ڕۆژێکدا چەندین جار دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتەسەر، ناوە ناوەش بەشێکیان دەبرێن و ئیتر ناگەڕێنەوە ئەو شوێنەی کە تیایدا دەستبەسەرکراون.

سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای خانمان، ئاماژەی بەوەشکرد، چەندین ئافرەت لە کاتی دەستبەسەربووندا منداڵیان بووەو چەکدارەکان منداڵەکانیان لێسەندوون. جەختیشی لەوە کردەوە کە زانیارییان هەیە ژمارەیەك لەو ئافرەتانە لە ئێستادا براون بۆ شاری (ڕەقە) لە سوریا.

پەخشان زەنگەنە دەڵێت: «ڕێگەچارە بۆ ڕزگارکردنی ئەو ژن و کچە ڕفێندراوانە ئاسان نییە، چونکە هەموو هەوڵێکمان خستووەتەگەڕ، بەڵام تا ئێستا هیچ کەس ڕزگار نەبووە، بۆیە هیوامان بە پێشمەرگە هەیە، کە بتوانن ئەو ناوچانە ئازاد بکەن، تا ئەوانیش ئازاد بکرێن.

**هەر یەکێکیان بە ١٠٠٠ دۆلار فرۆشتووە**

لە لایەکی دیکەوە ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ لە بەیاننامەیەکدا کە لە پێگەی فەرمیی خۆی بڵاویکردووەتەوە، ئاماژەی بەوە داوە کە «لەماوەکانی ڕابردوودا ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش نزیکەی ٣٠٠ کچ و ژنی ئێزدی کە چەند هەفتەیەك لەمەوبەر لە عێراق ڕفاندبوونی وەك دەستکەوتی جەنگ و سەبایا بەسەر ژمارەیەك لە چەکدارەکانی لە سوریا دابەشکردوون».

ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ دەڵێت: «ئەو چەکدارانەی داعش کە کچ و ژنەکانیان پێدراوە، ڕایانگەیاندووە کە ئەو ئافرەتانە لە ترسی کوشتنیان موسڵمان بوون و دواتر و فرۆشتوویانن بە چەکدارانی ڕێکخراوەکە و هەر یەکێکیان بە ١٠٠٠ دۆلار فرۆشتووە».

ئەو ڕێکخراوە ئاماژەی بەوەشداوە کە «فرۆشتنەوەی ئەو کچ و ژنانە بە چەکدارانی داعش بۆ ئەوەیە کە ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەو چەکدارانە پێکبهێنن کە بە پارە کڕیویانن».

ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕوونیشیکردووەتەوە کە بەڵگەی ٢٧ حاڵەتی فرۆشتن و بەشوودانی ئافرەتی ئێزدیی بە چەکدارانی داعش لەبەردەستە کە لە ڕیفی حەلەبی باکووری خۆرهەڵات و ڕیفی ڕقە و حەسەکە ڕوویانداوە.

هەر سەبارەت بە هەمان پرس محەمەد گۆمەشینی وتەبێژی دەستەی باڵای مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، گوتی: ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هەر لە یەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانیەوە بەکار و چالاکیە تیرۆریسیتییەکانی لە عێراق دەستی لە هیچ تاوانێك نەپاراستووە، ئافرەتانیش بوونەتە قوربانی سەرەکیی توندوتیژییەکانی داعش و بەتایبەتی ئافرەتانی ئێزدی کە لە ماڵوێرانی و ڕفاندن و سووکایەتی پێکردن پشکی شێریان بەر کەوتووە. کچانی دەشتی نەینەوا بەشێوەیەکی گشتی بە ئێزدی و مەسیحی و تورکمان و کوردو سەرجەم پێکهاتەکانەوە بوونە قوربانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە». جەختی لەوەش کردەوە کە هیچ ئامارێکی دیاریکراو و سەلمێنراو لەبەردەستدا نییە بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئافرەتانی ڕفێندراو، گوتیشی: «لەبەر ئەوەی ئەو کچانە لەلایەن تیرۆریستانەوە بۆ لای سەرکردە

وتەبێژی دەستەی باڵای مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان:

**کەسانێک هەن دەستیان کردووە بە کڕینەوە و ڕزگارکردنی ئەو کچانە لەدەست داعش، بەڵام ئێمە بۆ پاراستنی گیانی ئەو کەسانە هیچ زانیارییەکی ورد بڵاو ناکەینەوە، چونکە پێمانوایە پاراستنی گیانی ئەو کەسانە و ئەو کچانەش سەرەکیترین شتە، بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بێنەوە و بە خێزانەکانیان شاد ببنەوە**

سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان:

**جگە لەو کارەساتە دڵتەزێنە کە پاکیزەکانی ئێزدی لە بازاڕەکانی داعشدا دەفرۆشرێن، ئاوارەکانی ئێزدیش بەتایبەتی منداڵ و ئافرەتانیان ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورەی دەروونی بوونەتەوە و پێویستە بەپەلە کار لەسەر ئەوە بکرێت کە قەیرانە دەروونییەکەش چارەسەر بکرێت**

سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای خانمان:

**ڕێگەچارە بۆ ڕزگارکردنی ئەو ژن و کچە ڕفێندراوانە ئاسان نییە، چونکە هەموو هەوڵێکمان خستووەتەگەڕ، بەڵام تا ئێستا هیچ کەس ڕزگار نەبووە، بۆیە هیوامان بە پێشمەرگە هەیە، کە بتوانن ئەو ناوچانە ئازاد بکەن، تا ئەوانیش ئازاد بکرێن**



تیرۆریستەکان گوێزراونەتەوە، هیچ ئامارێکی دیاریکراو و سەلمێنراو لەبەردەستدا نییەو ئەو ئامارەی کە راگەیاندنەکان باسی دەکەن، زیاتر دەچێتە قاڵبی پێشبینیکردنەوە».

وتەبێــژی دەســتەی بــاڵای مافی مرۆڤ لــە هەرێمی کوردستان، ئەوەشی دووپات کردەوە کە لە هەوڵی بەردەوامدا دەبن بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین زانیاری لەسەر ئەو ئافرەتانە ئامادە بکەن، گوتیشی: «ئێمە لەچەند روویەکەوەیە هەوڵمان بۆ داوە، یەکێکیان ئەوەیە کە شــوێنی ئەو کچانە دەستنیشان بکرێت، ئەوەی ئێمە لێ ئاگادار بین، هەندێك لەو کچانە لە شــاری موسڵ دانراون و بەشێکی تریان بۆ شارەکانی سوریا بــۆ لای ئەمیرەکانی داعش بــراون». هاوکات رەخنەی لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان گرت و گوتی: «لەیەکەم رۆژی دەســتپێکردنی رووداوەکانــەوە جەختمان لەســەر بەدەنگەوە نەهاتنی رێکخــراوە نێودەوڵەتییەکان کردۆتەوە، چونکە ئێمە لەگەڵ دەســتپێکی رووداوەکاندا پەیوەندیمــان بە نوێنەری هەمــوو رێکخراوە جیهانییەکانەوە کرد، بۆ ئەوەی هاوکارمان بن لــە رزگاکردنی ئافرەتــەکان، بەڵام هەمــوو رێکخراوە جیهانییەکان بەشــێوەیەکی کەمتەرخەمانە هاتوونەتەپێشەوە، لەکاتێکدا پێویســت بوو هەوڵەکانی ئەوان جددی بن و چیتر ئەرکیان تەنیا دەرکردنی بەیاننامە و ئیدانەکردن نەبێت، بەڵکو هەوڵی ئەوە بدەن کە بێنە ســەر هێڵ و بەشێوەیەکی گشتی کار بکەن، بەتایبەتی ئەو رێکخراوانەی کە خەڵکی پسپۆڕیان لە چارەســەرکردنی کێشەکاندا هەیە و خەڵکی شارەزایان لە رزگارکردنی بارمتە هەیە، پێویستە هەموو هەوڵێك بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە رفێندراوانە رزگار بکرێن.

**سەرۆك خێڵەکانی ناوچەکە دەتوانن رۆڵێکی باش بگێڕن**

محەمەد گۆمەشینی رایوایە «دەکرێت هەوڵی جۆربەجۆر بدرێت بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتانە رزگاربکرێن، لەوانە پەیوەندی بە کەســایەتییە ناسراوەکانی ســەرۆکی خێڵە عەرەبەکان بکرێت، بەتایبەتی ئەو سەرۆك خێڵانەی کە دەستڕۆیشتوون لەناوچەکاندا، دەتوانن ئەو کەسایەتیانە رۆڵێکی باش بگێڕن بۆ هاوکاریکردنمان لە رزگارکردنی سەرجەم ئەو ئافرەتانەی رفێندراون». گوتیشی: «کەسانێك هەن دەستیان کردووە بە کڕینەوە و رزگارکردنی ئەو کچانە لەدەســت داعش، بەڵام ئێمە بۆ پاراســتنی گیانی ئەو کەسانە هیچ زانیارییەکی ورد بــڵاو ناکەینەوە، چونکە پێمانوایە پاراســتنی گیانی ئەو کەســانە و ئەو کچانەش سەرەکیترین شتە، بۆ ئەوەی بە ســەلامەتی بێنەوە و بە خێزانەکانیان شاد ببنەوە، ئێمە داواشمان لە دەزگاکانی راگەیاندن کردووە کە زۆر بە وردی لەگەڵ ئەم پرســەدا مامەڵە بکەن، چونکە مامەڵەکردنی بەرپرسانە دەبێتە هۆی پاراستنی ژیانیان».

گۆمەشینی لە تەوەرێکی دیکەی قسەکانیدا باسی ئەوەی کرد کە بەپێی ئەوەی رۆژانە ســەردانی کەمپەکان دەکەن و خەریکی کۆکردنەوەی زایناریــن، «ژمارەی ئافرەتانی رفێنــدراو، ژمــارەی پێوانەیی بەزاندووە»، گوتیشــی: «ئەوەی کە زیاتر کێشــەکەی ئاڵۆز کــردووە، ئەوەیە کە ئەم کچانە بەشــێکی زۆریان مامەڵــەی بازرگانییان پێوە دەکرێت».

لە لای خۆیەوە بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەییدا رایگەیاند

ئەندامێکی لیژنەی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان:

**سەردانی ئاوارەکانمان کردووەو راپۆرتێکی تێروتەسەلمان لەسەر رەوشی خۆیان و کچە رفێندراوەکانیان ئامادە کردووەو رەوانەی کونسوڵخانەی وڵاتانی دەکەین. راپۆرتەکەمان پێشکەش بە رێکخراوی (یوئێن هیومان) یش کردووە بۆ کارکردن لەسەر ئەو مەلەفانە و بۆ چارەسەریشی هەوڵی بەردەوام دەدەین**

روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ:

**ئەو ئافرەتانە لە ترسی کوشتنیان موسڵمان بوون و دواتر و فرۆشتوویانن بە چەکدارانی رێکخراوەکە و هەر یەکێکیان بە ١٠٠٠ دۆلار فرۆشتووە**

بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف:

**ژمارەی ئەو ژنانەی کە لەلایەن گروپە چەکدارەکانی داعشەوە لە دوای هێرشەکەیان بۆ سەر شنگال رفێنراون، دوو هەزار کەسی تێپەڕاندووە**

کـــە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی رفێنـــدراون لە ٢٠٠٠ کەس زیاترە .

خەیری بوزانی بەڕێوەبەری گشـــتی کاروباری ئێزدییەکان رایگەیاند: «بۆ بە دیکۆمێنتکردنی کارەســـاتی شـــنگال هەر لـــە رۆژی یەکەمەوە لیژنەیەکمان دروســـتکردووە کە لە ئێستادا (٣٨) کەس کاری تێدا دەکات». راشیگەیاند: «پێنج فۆرممان دروستکردووە، یەکێك بۆ ونبووەکان، یەکێك بۆ شـــەهیدەکان، یەکێك بۆ ئەوانەی مردوون، فۆرمێك بۆ ئەوانەی رفێنـــراون، یەکێکیش تایبەت بە ئـــاوارەکان کە هەموو زانیاریەکیان تێدایە، بۆ ئەوەی هەر کات سەرژمێری کرا، بۆ هەر شـــتێك بکرێت» . گوتیشی: «ژمارەی ئەو ژنانەی کە لەلایەن گروپە چەکدارەکانی داعشەوە لە دوای هێرشەکەیان بۆ سەر شـــنگال رفێنراون، دوو هەزار کەسی تێپەڕاندووە و چوار کەس لەوانە گەیشتنەوە شاری هەولێر کە لێمان دەپرسین: چەند کەســـن ئەوانەی رفێنراون، هەر دەیانگوت زۆر زۆرن».

**تەنیا راگەیاندنی کەمپین**
**بۆ گەڕاندنەوەیان بەس نییە**

هەر ســـەبارەت بە پرسی ئافرەتانی ئێزدی، د. گیان بەسیر ئەندامی پێشـــووی پەرلەمانی عێراق و ئەندامی ژووری پەیوەندییەکانی گـــۆڕان، تایبەت بۆ گوڵان گوتی: بەرلە هەموو شـــتێك ئەو کارە قێزەونـــەی داعش کە هیچ ئایین و نەتەوەیـــەك لەخۆی ناگرێ، شـــەرمەزاردەکەین، دەبێت هەموو هەوڵێـــك بۆ رزگارکردنی رفێندراون بدرێت و تەنیا راگەیاندنی کەمپین بۆ گەڕاندنـــەوی کچەکانمان کافی نییـــە، بەڵکو پێویســـتی بە کاری جددیتـــر و هەنگاوی گەورەتر هەیە، دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی ژنە رفێندراوەکان تەنیا لە بەرپرســـیارێتی هەرێم نییـــە و هەموو جیهان بە جۆرێك لەو بەرپرسیارێتییەیان بەردەکەوێت، رفێندراوەکانیش تەنیا ژنانی ئێزدی نین، بەڵکو شـــەبەك و تورکمانیشـــیان تیایـــە کە بـــەر ئەو هەڵمەتـــە کەوتـــوون و رفێندراون». گوتیشی: «باشترین چارەسەر بۆ گەڕانەوەی رفێندراوەکان ئازادکردنـــی ئـــەو ناوچانەیـــە کە ئافـــرەت و کچەکانی رفێندراوی تێدا گلدراوەتەوە، دووەم چارەسەر پێویستیمان بە سەرژمێری کردنیان هەیە، ژمارەیان، ناوەکانیان، تەمەنیان، وێنەکانیان، شـــوێنەکانیان، بۆ ئەو مەبەســـتەش پێویست دەکات پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لیژنەیەك پێکبهێنـــن، بۆ ئەوەێ بە هەماهەنگی وەزارەتێ مافی مـــرۆڤ و رێکخراوە ناوخۆیـــی و نێودەوڵەتییەکان بە هانای ئەو ژنانەوە بچن. چونکە ئەوەی تائێســـتا کراوە بەپێی پێویســـت نەبووە، من رەخنە لە رێکخراوەکان ناگرم، چونکە ئیمکاناتیان ســـنووردارە، بەڵکو حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت لەم کەمتەرخەمییە بەرپرســـن، نموونەی کۆمســـیۆنێ باڵای مافی مرۆڤ، ئەنجومەنی باڵای کاروبـــاری خانمان، وەزارەتی ژنانـــی عێراق و .. هتد».

پەرلەمانتارێکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

**گەڕاندنەوەی ژنە رفێندراوەکان تەنیا لە بەرپرسیارێتی هەرێم نییە و هەموو جیهان بە جۆرێک لەو بەرپرسیارێتییەیان بەردەکەوێت**

